# کۆڕی ماته مینی له شاری مانهایم بۆ شه هیدانی شاری خانه قین

ئاسۆ خانه قینی

دوێنێ له شاری مانهایم / ئه ڵمانیا ، کۆرێکی ماته مینی بۆ شه هیده نه مره کانی شاره مه زن و قاره مانه که ی ئه ڵوه ندی هه میشه زیندوو به سترا . به شێکی زۆری کورده کانی شاری مانهایم وده ورووبه ری ئاماده ی ئه م ماته مینیه بوون .

پاش کرده وه تیرۆرستیه که ی چه ته ئیسلامیه کان ، ژماره یه کی زۆری خه ڵکی سیڤیل بوونه قووربانی ئه م کاره ترسنۆکه ی چه ته ئیسلامیه کان . هه ر چه نده هیچ کات خه ڵکی قاره مانی شاری خانه قین ، ئه م کرده وه تیرۆریستیانه کاریان تێناکات ، بگره هێنده ی تر باوه ڕیان به خه باتی ره وای گه له که یان به هێزتر ده بێت .

هه زاران سڵاو له گیانی پاکی شه هیدانی رێگای کوردایه تی ،
مردن و سه رشۆریش بۆ داگیرکه ران و چه ته تیرۆرسته کان .



